
# راوبۆچوونی یاریزانانی یانەی هەولێر پێش ئەن









**یانەی هەولێر سبەی سێشەممە یەکەم یاری خۆی لە جامی یەکێتی ئاسیا ئەنجام دەدات لەگەڵ یانەی مەبرەی لوبنانی لە یاریگای مەبرە، ئەم یارییە زۆر گرنگە بۆ یانەی هەولێر چونکە لە هەر پاڵەوانیەتیك یەکەم یاری زۆر گرنگە، بۆ ئەم مەبستەش یانەی هەولێر بە باشی خۆی بۆ ئەم یارییە ئامادەکردووە، پێش ئەوەی شـــاندی یانەی هەولێر بەرەو لوبنان بەڕێ بکەوێت، راوبۆچوونی دەســـتەی راهێنان و یاریزانەکانی یانەی هەولێرمان دەربارەی ئەم یارییە وەرگرت.**

**راپۆرت: ڕێبین ڕەمزی**

**سەرەتا راهێنەری یانەی هەولێر ســـائر ئەحمەد بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن و گوتی:**

ئێمە بە باشی خۆمان بۆ ئەم یارییە ئامادەکردووە و هیوادارین لەم یارییە ئاستێکی باش نیشان بدەین و باوەڕم بە یاریزانەکانی یانەی هەولێر هەیە کە لەم یارییە ئەنجامێکی باش بە دەســـت بێنن، ئێمە لە مەشقی رۆژانە چەندین تەکتیکمان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی بتوانین لە رۆژی یارییەکە بە شـــێوازێکی گونجاو یاری بکەین ئێمە زۆر ســـوودمان لـــە یارییەکانی خولی پلە نایابەکانـــی عێراق وەرگرتووە بۆ چارەســـەر کردنی هەڵەکانی تیپ بۆ ئەوەی لە نێو پاڵەوانیەتیەکە تووشی هەڵە نەبین، ئێمە زانیاریمان لەسەر یانەی مەبرەی لوبنانی هەیە و هەوڵ دەدین کار لەســـەر هێڵە لاوازکانی ئەم یانەیە بکەین پێشبینی دەکەم لەم یارییە ئەنجامێکی باش بە دەست بێنین و دڵی جەماوەری یانەکەمان خۆش بکەین.

**دواتر یاریدەدری راهێنەری یانـــەی هەولێر عومەر مەجید گوتی:**

خۆمان بە باشـــی بۆ ئەم یارییـــە ئامادەکردووە، ئەویش بە ئەنجامدانی ئۆردوگایەکی مەشـــقی، لەم ئۆردوگاییە کارمان لەســـەر چارەسەرکردنی هێڵە لاوازەکانی یانەی کرد دەکەین بۆ ئەوەی لەم یارییە تووشـــی هیچ هەڵەیەك نەبین و تا رادەییەك ئەم کێشانەمان چارەسەر کردووە، بە تەئکیدی یەکەم یاری زۆر گرنگە بۆ یانەکەمان، پار ســـاڵ بەشـــداریمان لە پاڵەوانیەتی یانەکانی ئاســـیا کـــرد هەرچەندە ئەنجامـــەکان بە دڵی ئێمە نەبوو، هەوڵ دەدین لە جامی یەکێتی ئاســـیا ئەنجامان باشتر

# ـجامدانی یەکەم یاری بەرامبەر مەبرەی لوبنانی

بێت،هەوڵ دەدین ئێمە لەم کۆمەڵەیە بە پلەی یەکەم سەرکەوین بــۆ قۆناغـــی دووەم، بۆیە دەبێ لە یاری یەکەم ســـەرکەوتن بە دەســـت بێنین بۆ ئەوەی تووشی کۆســـپە نەبین، دەربارەی یانەی مەبرە ئێمە بە یارمەتی چەند هاورێیەك توانیمان چەند زانیارییەك دەرباری ئەم یانەیە وەربگرین، ئەمەش زۆر گرنگ بـــوو بۆ ئێمە بۆ ئەوەی هێڵـــە لاواز و بەهێزی ئەم یانەیە دیار بکەین، دەســـتەی کارگێری یانەی هەولێر هەمموو شتێکی بۆ ئێمە دابین کردووە، زۆر باوەرمان بە ئاستی یاریزانەکانمان هەیە بۆ ئەوەی لەم پاڵەوانیەتیە ئاستێکی باش نیشان بدەن.

**پاشـــان عیماد هاشـــم راهێنەری گۆڵچی یانـــەی هەولێر گوتی:**

دوای ئەوەی تۆپی پێی عێراقی تووشـــی چەندین شکستی گەورە هات، ئەم پاڵەوانیەتیە بۆ یانەی هەولێر زۆر گرنگە بۆ ئەوەی تۆپی پێی عێراقی بگەرێنێتەوە ئاستی جارانی خۆی، هەموو جەماوەر چاوی لە یانەی هەولێرە بۆ بە دەســـتهێنانی ئەنجامێکی باش لەم پاڵەوانیەتیە، چەند یاریزانێکی پیشـــەگر لـــەم یانەیە یـــاری دەکات بە تایبەتی بەرازیلـــی بە تەئکید ئاســـتیان باشـــە، یەکەم یاریش بۆ یانەی هەولێر زۆر گرنگە، سەبارەت بە گۆڵچیەکانی یانەی هەولێر، ئێمە لە خولی عێراق کەمتریـــن گۆڵمان لـــێ تۆمار کراوە بۆیە دەبێ ئەم شـــتەش لـــە جامی یەکێتی ئاســـیا دووبار بکەینـــەوە و گۆڵچییەکان ئاســـتێکی باش لەم پاڵەوانیەتیە نیشـــان بدەن، پێشبینی ئەوە دەکەم کـــە گۆڵچییەکانی یانەی هەولێـــر رۆڵێکی گەورەیان دەبێت لە بە دەستهێنانی ئەنجامی دڵخۆشکەر لەم پاڵەوانیەتیە و پەیمـــان دەدین کەوا دڵی جەماوەرەکمان خۆش بکەین ئەویش بە دەستهێنانی ئەنجامی باش.



**پاشـــان ویســـام زکی یاریزانی یانەی هەولێر سەبارەت بەم یارییە گوتی:**

بە باشی خۆمان بۆ ئەم یارییە ئامادەکردووە و هەوڵ دەدین ئەنجامێکی باش بە دەســـت بێنین، گشـــت خاڵە لاوازکانمان چارەسەر کردووە و چەند زانیاریەکمان دەرباری یانەی مەبرەی لوبنانی وەرگرتووە بۆ ئەوەی لەم یارییە ســـوود لەو زانیاریانە وەربگرین، هەرچەندە ئێمە لە دەرەوەی یاریگای خۆمان یاری دەکەیـــن، بەڵام چاومان هەر لە ســـێ خاڵـــی یارییەکەیە، تا ئێستاش دیاری نییە ئایا من لەم یارییە بەشداری دەکەم یاخود نا چونکە پێکانەکەم تۆزێك ســـەختە، بۆیە دەبێت پزیشـــکی یانـــە بریاری بدات کە من یاری دەکەم یان نا، زۆر حەز دەکەم بەشداری لەم یارییە بکەم، بەڵام ئەگەر نەمتوانی لەگەڵ یانەی مەبـــرە یاری بکەم، ئەوە بێگومان لە یاری دووەم یاری دەکەم، پێشبینی ئەوە دەکەم کەوا یاریزانەکان لەم یارییە ئاستێکی باش نیشان دەدەن و ئەنجامێکی بەرچاو بە دەست دێنن.



**هەروەها یاریزان چیاوەر گوتی:** ئەم یاریە هەلێکی باشە بۆ من بتوانم ئاســـتی خۆم لە پێکهاتەی یانەی هەولێر بچەسپێنم لەبەر ئەوەی راهێنەر لە مەشقەکان لە زۆر شوێن یاریم پێدەکات هیوادارم ئاستێکی باش نیشـــان بدەین بە ئەنجامێکی گەورە بگەرێینەوە شاری هەولێر و دڵی جەماوەری خۆشەویست شاد بکەین.

**پاشـــان شـــوان مامۆ یاریزانی بە توانـــای یانەی هەولێر گوتی:**



ماوەیەکـــی زۆرە ئێمە خۆمان بۆ ئەم یارییە ئامادە دەکەین، بۆیە دەبێ لەم یارییە ئاســـتێکی باش نیشان بدەین بۆ ئەوەی دڵی جەماوەرەکەی خۆمان رازی بکەین، هەوڵ دەدین ئەمساڵ لەم پاڵەوانیەتیە ئەنجامەکامان لە پارساڵ باشتر بێت، راهێنەر لە مەشـــقەکان چەندین تەکتیکی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی لە یارییەکـــە بە چەندین شـــێواز یاری بکەین و تووشـــی هیچ گرفتێـــك نەبین، هەرچەندە یانەی مەبـــرە چەند یاریزانێکی پیشەگەریان هەیە، بەڵام ئەمە کار لە یاریزانانی یانەی هەولێر ناکات، پەنا بەخوا بە ئەنجامێکی بەرچاو دەگەرێنەوە شـــاری هەولێر.

لـــە کۆتایدا دەبێت هەموومان لە پشـــت یانەی هەولێر بین چونکـــە یانەی هەولێر لەم پاڵەوانیەتیـــە نوێنەرایەتی هەموو کوردستان و عێراق دەکات.

# خوێندنەوەیەکی خولی یـ

**ئەم هەفتەیە یارییەکانی گەڕانەوەی قۆناغی شازدەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەڕێوە دەچن کە چەندین ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاگرینی تێدایە، بێجگە لەیانەی بایرن میونخ کە تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتنی مسۆگەر کردووە پێویستە یانەکانی تر ئەوپەری توانای خۆیان بەکاربێنن بۆ گەیشتن بە قۆناغی هەشتەم. لێرەدا خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ یارییەکان دەخەینە ڕوو.**





## ئینتەر میلان و مانچستەر یونایتد

ئەم یاریە لەیاریگای ئینتەر ئەنجام درا و بەیەکسان بوونی هەردوولا بە بێ گۆڵ کۆتایی هات. یانەی مانچستەر بەدرێژایی یاریەکە کۆنترۆڵی یاریەکەی کردبوو. ئەگەر لێهاتوویی سیزاری گۆڵچی ئینتەر نەبووایە ئینتەر یاریەکەی دۆڕاند. پێش یاریەکە مۆرینیۆ هەرەشەی بردنەوەی دەکرد، چاودێران پێیان وابوو کە مۆرینیۆ دوای ئەو ئاستە خراپە بێدەنگ دەبێت، بەڵام ئەو بە جۆرێکی تر قسەی کرد"ئاستی ناوبژیوانان زۆر لاوازبوو، نابێت لەناو ئۆلترافۆرد بدۆڕێین و یاری بۆ بەرامبەربوونیش ناکەین" ماسیمۆ مۆراتی سەرۆکی یانەی ئینتەر رای گەیاند لایەنی باشی یاریەکە ئەوەبوو کە ئێمە گۆڵمان لێ تۆمار نەکرا، یاری داهاتوو بۆ ئێمە وەك یاری کۆتایی وایە، ئێمە مۆرینیۆمان هەیە کە دەزانێت چۆن شکست بە تیپی بەرامبەر بێنێت. لەبەرامبەردا ئەلێکس فێرگسۆنی ڕاهێنەری شەیتانە سوورەکان گوتی" پێم وایە لەیاری داهاتوودا لەناو یاریگای خۆمان سەرکەوتن بەدەست دێنین، زۆریش لەئاستی یاریزانەکانم رازی بووم. ئێمە ئێستا بە ئاستێکی بەرز یاری دەکەین و ئەوە لامان گرنگ نییە کێ ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، لەیاریەکەی بەرامبەر ئینتەریش ئەوەمان سەلماند" هەروەها ئەستێرەی یەکەمی یاریەکە خۆلیۆ سیزار باسی لەوە کرد کە پێش یاریەکە لەگەڵ بالۆتێلی راهێنانیان کردووە، ئەوەشی خستە ڕوو کە یاریەکە کۆتایی نەهاتووە و سفر بە سفر زۆر باشترە لەبەرامبەربوون بە گۆڵێك. **جەماوەری ئینتەر خەون بە بەدەستهێنانی خولی یانە پاڵەوانەکانەوە دەبینن، هاتنەدی ئەو خەونەش دەکەوێتە سەر توانای مۆرینیۆ و یاریزانەکانی لەیاریگای ئۆڵترافۆرد هەرچەندە ئەرکیان زۆر قورس دەبێت.**

## چێڵسی و یوڤانتس

چێڵسی بەتاکە گۆڵی درۆگبا یاریەکەی بردەوە. گێمی یەکەم چێڵسی باشتر یاری دەکرد، بەڵام لەگێمی دووەم دا زۆربەی کاتەکان یۆڤی بەهێزتر بوو. دوای ئەوەی لەلایەن جەماوەری چێڵسیەوە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا، رانێری راهێنەری یوڤانتس بەم شێوەیە باسی لەیاریەکە کرد"بۆم دەرکەوت جەماوەری چێڵسی منیان لەبیر نەکردووە،چوار ساڵی جوانم لێرە بەسەر بردووە. دوای تەوابوونی یاریەکە یاریزانەکان خۆشحاڵ بوون بە پیشاندانی ئەو ئاستە بەرزە،بەڵام بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باش لام خۆشتر بوو لە پێشکەشکردنی ئاستێکی باش" لەبەرامبەردا ڕاهێنەری چێڵسی هیدینگ لەئەنجامەکە رازی بوو بەڵام ئاستی تیپەکەی بە دڵ نەبوو، هیدینگ باسی لەوەکرد کە ئەگەر بەدرێژایی یاریەکە وەك بیست خولەکی سەرەتا یاریان کردبا ئەوا دەیانتوانی گۆڵی زیاتر تۆمار بکەن. فرانك لامپارد ئەستێرەی چێڵسی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە سەرکەوتنی یانەکەی، باسیشی لە گەورەیی راهێنەری یۆڤی کرد بەو پێیەی رانێری توانی کاتی خۆی چێڵسی بکاتە یانەیەکی بەهێز. سبەی لەشاری تۆرینۆ ناسنامەی براوە دیاری دەکرێت، هەردوو یانەکەش بە باشی خۆیان ئامادەکردووە.

## ریال مەدرید و لیڤەرپوول

لەیاریگای سانتیاگۆ بێرنابیۆ لیڤەرپوول بەتاکە گۆڵی یاریزانی ئیسرائیلی یوسی بنعیون یاریەکەی بردەوە. ئەم ماوەیە **ریال مەدرید لە خولی ئیسپانیا لەسەرکەوتنەکانی بەردەوامە، هەرچەندە لە یاریەکەی بەرامبەر لیڤەرپوول دۆڕان بەڵام یاریزانەکانی ریال ورەیان بەرزە و پێیان وایە ئەتوانن سەرکەون بۆ قۆناغی نیوەی کۆتایی.** گابرێل هاینزە دڵگرانی خۆی دەربڕی بەهۆی دۆڕاندنەکە و پێی وابوو لەیاری داهاتوودا ئەتوانن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. رافایێل نادالی ئەستێرەی یەکەمی تێنسی سەرزەوی کە ئامادەی یاریەکە بوو و یەکێکە لەهاندەرە سەرسەختەکانی ریال دەڵێت" پێویستە بە ورەیەکی بەرزەوە بچینە ئانفیێڵد، راستە یاریەکەمان دۆڕاند بەڵام لەتۆپی پێدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە". لەبەرامبەردا رافایێل بینیتێزی راهێنەری لیڤەرپوول بەباشی خۆی ئامادەکردووە و جگە لە بردنەوە بە بەرامبەر بوونیش سەرکەوتن مسۆگەر دەکات. یانەی لیڤەرپوول لەسەر دەستی ئەم ڕاهێنەرە ئاستێکی سەرنج ڕاکێش پێشکەش دەکات بەتایبەتی لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا، بۆیە یاریزانان و جەماوەری لیڤەرپوول بە گەشبینیەوە دەڕواننە ئەنجامی یاریەکە بەتایبەتی کاتێك لەیاریگای خۆیان میوانداری ریال مەدرید دەکەن.

## ئەرسناڵ و ڕۆما

"یاری داهاتوو زۆر جیاواز دەبێت لەگەڵ ئەم یاریەی ئێستا، لەگێمی یەکەم زۆر باش نەبووین، بەڵام لەگێمی دووەم دا بەهۆی ئەوەی ئاستێکی باشمان پیشان دا هیوایەکمان بۆ گەڕایەوە بۆ یاری داهاتوو کە لەناو خاکی خۆمان دەبێت" بەم وتانە سپالێتی راهێنەری ڕۆما باسی لە یاریەکەی خۆیان کرد لەگەڵ یانەی ئەرسناڵ کە بەگۆڵێکی بێ بەرامبەر شکستیان خوارد گۆڵەکەش ڤان پێرسی لەڕێگای لێدانی سزاوە تۆماری کرد.

ئامادەکردنی: هێمن نەبی

# ـــانه پاڵەوانەکانی ئەوروپا





لەبەرامبەردا ئارسن فینگەری ڕاهێنەری ئەرسناڵ گوتی"یەکێك لەلایەنە پۆزەتیڤەکانـــی یاریەکە ئەوەبوو کە توانیمـــان پارێزگاری لەگۆڵەکەمان بکەیـــن و رۆما هیچ گۆڵێکی تۆمار نەکرد، بـــەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم یاریزانەکانی ئێمە زۆر دەرفەتی ئاسانی گۆڵکردنیان لەدەست دا" هەردوو یانەکە تا ڕادەیەکی زۆر دوورن لەبەدەســـتهێنانی خولی وڵاتەکەیان، بۆیە هەردووکیان هەوڵ دەدەن بلیتی گەیشـــتن بۆ قۆناغی داهاتوو بەدەســـت بێنن. بەتایبەتی یانەی پایتەختی ئیتاڵیا کە یاری کۆتایی لەناو یاریگای ئۆلۆمپی دەبێت لەشـــاری رۆما، دەبێت رۆما بەئەنجامی زیاتر لەگۆلێك یاریەکە بباتەوە بۆ گەیشـــتن بە قۆناغی هەشتەم لەبەرامبەردا ئەرسناڵ پێویستی بە بەرامبەربوون یان بردنەوە هەیە.

## لیۆن و بەرشلۆنە

یەکســـان بوون بە گۆڵێك ئەنجامی یاری چوونی هەردوو یانەی لیۆن و بەرشـــەلۆنە بوو، هەردوو یانەکە لە پلەی یەکەم دێن لەخولی وڵاتەکانیان بۆیە دەیانەوێت باڵادەســـتی خۆیان لەخولی یانە پاڵەوانەکانیش دەربخەن. لەو یاریەدا جۆنینیۆی بەرازیلی گۆڵێکی بەلێدانی ڕاستەوخۆ تۆمار کرد کە دواتر زۆر رەخنە لە ڤاڵدێزی گۆڵچی بەرشـــلۆنە گیرا بەوەی خەتای ئەو بووە بـــەڵام گواردیۆلا بەم جۆرە وەڵامی ئەو قســـانەی دایەوە"ئەوە بەڕاست نازانم کە دەڵێن گۆڵەکە خەتای ڤاڵدێز بووە، بە ڕای من ئەگەر حەفت گۆڵچی لەجێگای ڤاڵدێز بان هەر گۆڵ دەبوو" یانەی لیۆن سبەی شەو دەیەوێت سوود لەدابەزینی ئاستی بەرشەلۆنە وەربگرێت لە لالیگادا و پێویســـتیان بە بەرامبەربوون بە زیاتر لەگۆلێك یـــان بردنەوە هەیە بۆ دوورخستنەوەی یانەی بەرشلۆنە.

## بایرن میونخ و سپۆرتینگ لیشبۆنە

لـــە تایمی یەکـــەم دا بەهێزی هێڵی بەرگری بایـــرن میونخ بووە ڕێگر لەبەردەم هێرشبەرانی سپۆرتینگ لیشـــبۆنە. سێ خولەك پێش کۆتایی هاتنی گێمی یەکەمی یاریەکە ریبێری گۆڵی یەکەمی تۆمارکرد. دوای ئەوە کلۆزە گۆڵێك و ریبێری گۆڵێکی تری تۆمارکرد. ئەستێرەی ئیتاڵی لۆکا تۆنی دوو گۆڵی تری تۆمارکرد و وای کرد بایرن میونخ تاڕادەیەکی زۆر گەیشتن بۆ قۆناغی داهاتوو مسۆگەر بکات. یۆرگن کلینزمان زۆر دڵخـــۆش بوو دوای ئەوەی تیپەکەی توانی گەورەترین ئەنجام لەمێژووی پاڵەوانیەتیەکـــە لەدەرەوەی یاریگای خۆی دا تۆمار بکات. بایرن میونخ هیچ کێشـــەیەکی نییە جگە لەو رەخنەیە نەبێت کە پیکنپاوەر ئاراستەی لۆکا تۆنی کردبوو بەوەی یاریزانێکی لەخۆباییە ئەمەش دوای دەربرینی نارەزایـــی تۆنی دوای ئەوەی لەیاری دواتری بۆندس لیگادا کلینزمان یاریزانێکی هێنایە شـــوێنی تۆنی. بـــەڵام کلینزمان بەرگری لە لۆکا تۆنی کرد.

## فیاریال و پاناسیناکۆس.. ئەتلەتیکۆ مەدرید و پۆرتۆ

ئەنجامی یاری چوونی فیاریال بەیەکســـان بوون کۆتایی هات لەگەڵ یانەی پاناسیناکۆس بە گۆڵێك بۆ هەردوولا، هەروەها ئەتلەتیکۆ مەدرید و پۆرتۆ بە دوو گۆڵ یەکسان بوون. پیلگرینی ڕاهێنەری فیاریال رای گەیاند کە یانەکەی پاڵێوراو نییە بۆ بەدەستهێنانی نازناوی چامپیۆنس لیگ. بەهۆی بوونـــی یاری بەهێزی تر لەهەمان کاتدا ئەم دوو یاریە کەمتر سەرنجی جەماوەری وەرزشی بۆخۆی راکێشاوە.

## باشترین پێکهاتە

دوای ئەنجامدانـــی یـــاری چوون باشـــترین پێکهاتە دیـــاری کرا کە بەم شـــێوەیە بوو" گۆڵچی: خۆلیۆ ســـیزار(ئینتەر میلان)، بەرگری: فابیـــۆ گرۆســـۆ(لیۆن)، جـــۆن تێری(چێڵســـی)، دیمیکێلس(بایرن میونخ)، سانیا(ئەرسنال). ناوەراست: کریستیانۆ رۆناڵدۆ(مانچستەر)، فرانـــك ریبێری(بایـــرن میونخ)، فرانك لامپارد(چێڵســـی)، ســـەمیر نەسری(ئەرســـناڵ)، هێرشـــبەر: لـــۆکا تۆنی(بایـــرن میونـــخ)، درۆگبا(چێڵسی)

## ڕاپرسی بۆ دیاری کردنی تیپی سەرکەوتوو

سایتی (کوورە) هەستاوە بە سازدانی ڕاپرسیەك بۆ دیاری کردنی تیپی سەرکەوتوو بۆ قۆناغی هەشتەمی چامپیۆنس لیگ بەلای جەماوەرەوە، دەنگدەران بە ڕێژەیەکی زۆر بەشـــداریان کردبوو، تاکو چوارشـــەممەی ڕابردوو ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون:

مانچستەر.٪٥٧_ئینتەر میلان.٪٤٣، ژمارەی دەنگدەران ٥١٢٣٧
رۆما.٪٤١_ئەرسناڵ٥٩، ژمارەی دەنگدەران : ٣١٥٩٤
فیاریال .٪٨٥_پاناسیناکۆس.٪١٥، ژمارەی دەنگدەران: ٢٦١٧١
ریال مەدرید.٪٥٢_لیڤەرپوول.٪٤٨، ژمارەی دەنگدەران: ٧٣٢٧٥
یوڤانتس.٪٥٨_چێڵسی.٪٤٢، ژمارەی دەنگدەران: ٤٧٢٠٩
بایرن میونخ.٪٩٠_سپۆرتینگ.٪١٠ ژمارەی دەنگدەران: ٢٩٧٨٨
بەرشەلۆنە.٪٧٦_لیۆن.٪٢٤ ژمارەی دەنگدەران: ٤٢٦٢٢
ئەتلەتیکۆ مەدرید.٪٦٨_پۆرتۆ.٪٣٨ ژمارەی دەنگدەران: ١٩٤٧٧

# چەند خاڵێکی جوان لەژیانی میسی

یەکەم بەرکەوتنی قاچی میسی لە تۆپی پێ، دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی منداڵی و سەرەتای گەنجایەتی، باوکی میسی دەڵێ: بۆم دەرکەوت کە کوڕەکەم یاریزانی تۆپی پێیە، بۆیە دوای یاریکردنی لەگەڵ منداڵە بچووکەکان، بەشێوەیەکی زیندوو بەرچاو دەرکەوت، پاشان چوو بۆیانەی (نیولدبۆیز)ی ئەرژەنتینی،کەسەرەتای یاریکردنی میسی بوو لەگەڵ ئەو یانەیە.

دەرکەوتنی میسی وایکرد کە دەورو و پشتی خۆی سەرسام بکات، بەهۆی دەرخستنی توانا گەورەکانی بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ (نیولدبۆیز)، دواتریش چوو بۆ ریزی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی.

**میسی شانازی دەکات بە بەراووردکردنی بە ئەفسانەی پێشوو مارادۆنا**



### دەرکەتنی لە بەرشلۆنە

لە١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٤بۆ یەکەمجار چووە ناو مێژووی بەرشلۆنە، بەشداریکردنی لەگەڵ ئەم یانەیە، لەتەمەنی ١٧ساڵی بوو، کە یانەی بەرشلۆنە لەم ساڵە توانی خولی ئیسپانیا بەدەست بهێنێ، ئەمەش بۆ میسی دەبێتە بەدەستهێنانی یەکەم جام لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە.

### جامی جیهانی لاوان

پێش بەڕێوەچوونی جامی جیهانی لاوان، ڕاهێنەری ئەرژەنتینی (هیوگوتوکالی) بڕیاریدا نیشانەی کاپتنی هەڵبژاردەی لاوانی ئەرژەنتینی پێبدا، چونکە رووخساری ئەم یاریزانە دیاربوو، بەهۆی هێزی گەنجایەتی خۆی هەڵبژاردەی لاوانی ئەرژەنتین توانی بەسەرکردایەتی و لێهاتوویی میسی لە ساڵی ٢٠٠٥ جامەکە بەدەست بهێنن لە وڵاتی هۆڵەندە. میسی توانی نازناوی باشترین یاریزان و گۆڵکاری جامەکە بەیەکەوە بەدەست بهێنێ، ئەگەر چی ئەمە گرانە بۆ هەر یاریزانێك، کە بتوانێ دوو نازناو بەدەست بهێنێ.

### بەراوورد کردنی میسی بە مارادۆنا

بەدەرکەوتنی میسی لەگۆڕەپانی جیهان بەهۆی لێهاتوویی و خێرایی و کارزانی خۆی بوو. میسی شانازی دەکات بە بەراووردکردنی بە ئەفسانەی پێشوو مارادۆنا، بەڵام ئەو بڕوای بە گرنگی ئەو بەراوورد کردنە نییە، دەڵێت : بەراوردکردنم لەگەڵ مارادۆنا شتێکی گەورەیە، ئەو باشترین یاریزانی جیهان بوو، خانەدانتریشە لەناو یاریگا، منیش تازە سەرەتای لاویەتیمە.

### میسی حەزی بەیاریکردنی پابلۆ ئیمارە

میسی زۆر سەرسامە بەیاریکردنی پابلۆ ئیمار، یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی سەرەقستەی ئیسپانی، ئەو پاڵپشتییەکی گەورەی بۆ میسی هەبوو، چونکە پێشتر لەلای پابلۆ ئیمار لە یانەی (ڕیفربلیت) یاری دەکرد، میسی دەڵێ: پابلۆئیمار یاریزانێکی گەورویە، خۆشەویستییەکی بێ وێنەم بۆ ئەو یاریزانە هەیە، هەمیشە لە چاو یارییەکانی دەکەمەوە.

### ڕووداوێکی لەناکاو

هیچ کەس پێشبینی بۆنەدەکرد، راوەستانی گواستنەوەی میسی بۆ یانە سەرمایەدارەکانی پایتە ختی ئەرژە نتین،چونکە کێشەی دەردانی هۆرمۆنی درێژی هەبوو، جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ یاریزانەکانی تر، لە ڕووی جەستەوکورتی باڵاکەی. چارەسەرکردنی میسی تێچونێکی زۆری دەویست و بەبێ پارە نەدەکرا، کارگێڕی یانەی (ڕیفربلیت) نەیتوانی پارە بۆ چارەسەرکردنی ئەم یاریزانە تەرخان بکات و لە ژێر کاریگەری ئەم نەخۆشیە رزگاری بکات. دواتر میسی پەیوەندی کرد بەیانەی بەرشلۆنە،توانی سەرنجی یانەکە بۆخۆی ڕاکێشێ،بەهۆی خێرایی و لێزانی و جموجۆڵە جوانەکانی . بۆیە کارگێڕی یانەی بەرشلۆنە بڕیاریدا چارەسەری ئەو یاریزانە لاوە بکات، میسی لە بنەڕەتدا درێژیەکەی ١٤٠ سم، زیاتر تێپەڕی نەدەکرد، دوای چارەسەرکردنی لە وڵاتی ئیسپانیا، درێژیە کەی رۆژ لە دوای رۆژ زیادی دەکرد، تا گەیشتە ١٧٠سم.

ئامادە کردنی: کامەران محەمەد